ئادارى ٢٠٢٤


# ڕاپۆرتی لیستی سەرەکی عێراق ١٣١

ماوەی کۆکردنەوەی داتا: ئەیلول – کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣

DTM IOM DISPLACEMENT TRACKING MATRIX

## دیارخراوەکان

شێوەی ١: ژمارەی ئاوارەکان و گەڕاوەکان بە تێپەڕبوونی کات




لەوەتەی ٢٠١٤ەوە، بەشی تۆماری بەدواداچوون (DTM)ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لە عێراق زانیاری لەسەر هاوڵاتیانی ئاواران و گەڕاوان لەڕێگەی تۆڕێک لە کەسانی زانیارییپێدەر لە سەرانسەری عێراق دا کۆدەکاتەوە.[1] بە بەردەوامی داتای لیستی سەرەکی کۆدەکرێتەوە و بەشێوەی ڕاپۆرتی هەر سێ مانگ جارێک دەنێردرێت. داتای ئەم ڕاپۆرتەی ئەم گەڕەی ئێستاش لە ١ی ئەیلول تا ٣١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣ بووە.

### ئاواران ١,١٢٣,٦٦٣

▼ ١٨,٣٥١-

- تا ٣١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) (١,١٢٣,٦٦٣) هاوڵاتی ئاوارەی دەستنیشانکرد لە (١٩٢,٦٦٥) خێزان دا.
- کەمبوونەوەی (١٨,٣٥١) ئاوارە لەوەتەی گەڕی پێشوو، (لە ١,٦-٪).[2]
- کەمبوونی ژمارەی ئاواران لە چەند قەزایەک بەدیکرا. لە قەزای ناوەندی پارێزگای هەولێر، قەزاکانی سێمێل و زاخۆ لە پارێزگای دهۆک زۆرترین ئاستی کەمبوونەوەیان هەبوو. هەندێک لە خێزانەکان بەهۆی زۆر تێچووی ژیان و نەبوونی دەرفەتی کار و کاسبی، یان بەهۆی دەستەبەرکردنی کارێک یان ڕێگەپێدانی ئەمنی لە ناوچەکانی زێدی خۆیان، شوێنەکانی ئاوارەبوونیان جێهێشت. هەروەها پرۆگرامی جوڵە و گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە (FVM)ی ڕێکخراوی IOM وایکرد هەندێک خێزانی ئێزدی بۆ قەزای شەنگال و ناحیەی قەعتانیە بگەڕێنەوە.
- لەم ماوەی ئەم گەڕەی داتا کۆکردنەوە دا (ئەیلول – کانوونی یەکەم)، (٦,٣٩٤) جوڵەی تازە هەبوو. لەم ژمارەیەش دا (٥,٩٥٢) ئاوارەبوونی دووەمی لاوەکی هەبوو، (٤٠٦) شکستهێنان لە گەڕانەوە هەبوو، (٣٦) ئاوارەبوونی تازەش هەبوو.
- ژمارەی ئەو ئاوارانەی کە لە شوێنی نیشتەجێبوون و حەوانەی زۆر خراپ دا دەژین کەمیکرد بە (٣,٤٧٤- ) کەس بە بەراورد بە گەڕی پێشوو (٣,٥-٪).

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٩٢,٦٦٥ خێزان | ▼ ٢,٧٧٣- | ٢,٦١٠ شوێن | ▼ ٣٥- |
| ١٨ پارێزگا | | ١٠٤ قەزا | |

▲▼ گۆڕانکارییەکان لەوەتەی گەڕی پێشووەوە

### گەڕاوان ٤,٨٦٣,٠٧٢

▲ ١٧,٠١٠+

- تا ٣١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) (٤,٨٦٣,٠٧٢) هاوڵاتی گەڕاوەی دەستنیشانکرد لە (٨١٠,٥١٢) خێزان دا.
- ئەمەش واتە زیادبوونی (+١٧,٠١٠) گەڕاوە لەوەتەی ڕاپۆرتی گەڕی پێشووەوە (٠.٤٪) زیادکردن.
- بەرزترین زیادبوونی گەڕاوەکان لە قەزاکانی بێجی لە سەڵاحەددین و بەعاج لە نەینەوا بەدیکرا. بەرەوپێشچوونی دۆخی ئەمنی لە ئەلسینیە لە بێجی هانی خێزانەکانی داکە خانووەکانیان نۆژەنبکەنەوە و بگەڕێنەوە. لە بەعاج خێزانەکان لە کەمپی جەددەعە-١ یان کەمپی بەحرکە وە گەڕانەوە.
- لەم گەڕەدا، (٣٧٠٢) هاوڵاتی لە کامپەکانەوە گەڕانەوە کە زۆربەیان نیشتەجێی نەینەوابوون بە لە (٨٤٪)
- ژمارەی ئەو گەڕاوانەی کە لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دا دەژین زیادیکرد بە (٤,٣٠٨) کەس بە بەراورد بە گەڕی پێشوو (٢٪).

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٨١٠,٥١٢ خێزان | ▲ ٢,٨٣٥+ | ٢,١٨٩ شوێن | ▲ ١٧+ |
| ٩ پارێزگا | | ٣٩ قەزا | |

▲▼ گۆڕانکارییەکان لەوەتەی گەڕی پێشووەوە

١. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ڕێباز و میتۆدی لیستی سەرەکی، تکایە بڕوانە ڕێبازی ڕاپۆرتەکە لە کۆتایی ڕاپۆرتەکە دایە.

٢. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕێژەی گۆڕانی حاڵەتەکانی ئاواران و گەڕاوان، تکایە بڕوانە ڕێبازی ڕاپۆرتەکە.

# خستنەڕوویەکی گشتی ئاوارەبوون

شێوەی ٢: جۆرەکانی شوێنی حەوانە و نیشتەجێبوونی ئاواران




## تێکڕای هەڵبەز و دابەزینەکان

لەمـاوەی ڕاپۆرتـی گـەڕی ١٣١ دا، تۆمـاری بەدواداچوونـی ئاوارەبـوون (DTM) (١,١٢٣,٦٦٣) ئـاوارەی دەستنیشـانکرد، لـە (١٩٢,٦٦٥) خێـزان. ئەمـەش کەمبوونـەوەی (١٨,٣٥١) کەسـە، بـە بـەراورد بـە گـەڕی پێشـوو کـە لەمـاوەی کانوونـی ئایار-ئابـی ٢٠٢٣ بـوو بـە (-١,٦٪). لەوانەیـە ئـەم کەمبوونەوە هێواشـە لـە ژمـارەی ئـاوارەکان پەیوەنـدی بـەوە وە هەبێـت کـە بەشـێکی زۆری ئـەو ئاوارانـە لـە ئاوارەبوونـی درێژخایـەن دان لـە (٩٨٪).

لەسـەر ئاسـتی قـەزاش، زۆرتریـن کەمبوونـەوەکان لـە قـەزای ناوەنـدی پارێـزگای هەولێـر بـە (-٣,١٦٢ کـەس)، قەزاکانـی سـێمێل و زاخـۆی هەریەکەیـان بـە (-٢,٣٦٧) و (-١,٩٠٥) کـەس لـە پارێـزگای دهـۆک و، لـە قـەزای تکریتـی پارێـزگای سـەڵاحەددین بـە (-١,٧٧٦) دا تۆمارکـران. دابەزینـی هێـواش و کەمـی ژمـارەی ئـاواران لـەم قەزایانـەدا بەشـێکی ڕەنگدانـەوەی گەڕانـەوەی تـازە و جوڵـە و جموجۆڵـە ناوخۆییەکانەوەیـە. زۆربـەی ئاوارەکانـی پارێـزگای هەولێـر گوتیـان خەرجییەکانـی وەرزی زسـتان وایلێکـردوون کـە بچنـە شـوێنی دیکـە تـا کرێـی تێچووەکانـی ووزەی گەرمکردنـەوە کەمبێتـەوە

## جوڵە و جموجۆڵی ئێستای ئاوارەکان

سـەرەڕای ئـەوەی کـە بەشـێوەیەکی تێکـڕا ژمارەی ئـاوارەکان لـە سەرانسـەری وڵات دا کەمیکـردووە، (٦,٣٩٤) جموجۆڵـی تـازەی ئـاواران لـە گـەڕی ١٣١ دا بەدیکـرا (١٪ ی حاڵەتـەکان). زۆربـەی ئـەو جموجۆڵانـەش پاڵنـان بـەرەو ئاوارەبوونـی دووەمـی تێدابـوون (٩٣٪). هەروەهـا (٤٠٦) حاڵەتـی گەڕانـەوەی شکستخواردووشـی تێدابـوو. بـەزۆری گەڕانـەوە شکسـتخواردووەکان ڕووبـەڕووی گەڕاوانەبـۆوە کـە خەڵکـی قەزاکانـی شـەنگال، فەللوجـە و بەعاج بوون. هۆکارە سـەرەکییەکانی پشـت گەڕانـەوە شکسـتخوواردوەکانیش بریتیبـوون لـە نەبوونـی خزمەتگوزاری گشـتی، نەبوونـی دەرفەتی کار و سـەرچاوەی دارایـی تـا گـەڕاوەکان بتوانـن لـەو ناوچانە بـەردەوامبن. لەم گـەڕەی داتـا کۆکردنەوە دا، ٣٦ کـەس لـە پارێزگاکانـی سـەڵاحەددین، ئەنبار و دیالـە بـۆ یەکەمجار ئـاوارەی پارێـزگای سلێمانی بـوون. هـۆکارە سـەرەکییەکانی ئاوارەبوونیشـیان کێشـە و گیرفتـی ئەمنـی، نەبوونـی دەرفەتی ئیش و کار و بەپێـی پێویسـت نەبوونـی خزمەتگوزارییـە گشـتییەکان بـوو لـە ناوچەکانـی زێدیـان. سـەرەڕای ئەوانـەش، خێزانێکـی قـەزای بەعقوبـەی سـەر بـە پارێـزگای دیالـە باسـی ئەوەیانکـرد کـە بەهـۆی گـرژی و ئاڵۆزییـە خێڵەکییەکانـەوە ئاوارەبـوون.

زۆربـەی زۆری ئەوانەشـی کـە ڕووبـەڕووی جارێکـی دیکـە ئاوارەبوون/ئاوارەبوونـی دووەمـی بوونـەوە (٥٩٥٢ کـەس) نیشـتەجێ قـەزای ناوەنـدی پارێـزگای سـلێمانی بـە لـە (٣٦٪)، قەزاکانـی سـێمێل و زاخـۆ لـە پارێـزگای دهـۆک هـەر یەکەیـان بـە (١٣٪) و لـە (١٢٪)، قـەزای شـەنگال لـە (٨٪) نەینـەوا بـوون. زانیاریـدەرە سـەرەکییەکانی ئـەو پارێزگایانـەش باسـی ئەوەیانکـرد کـە هـۆکاری سـەرەکی ئاوارەبوونـی دووەمـی ئـەو خێزانـە ئاوارانـە ئەوەبـوو بـەدوای دۆخ و گوزەرانێکـی باشتری ژیانکردنـەوە بـوون لـەڕووی (خانـوو، خزمەتگوزارییـەکان و کاروکاسـبی بژێـوی ژیـان)، هـۆکاری دوای ئـەوەش هەبوونـی ئەندامانـی دیکـەی خێزانـە گەورەکـەی خۆیـان، هۆیەکانـی ئەمنی و سـەلامەتی بـوون کـە وایانکـرد ئـەو خێزانانـە بـۆ ئـەو شـوێنانە بچـن.

خشتەی ١: سێ سەرەکیترین قەزای کە ئاوارەبوونی نوێیان بەخۆیانەوە بینیووە

| قەزا، پارێزگا | ئاوارەبوون بۆ یەکەمین جار | ئاوارەبوون بۆ دووەم جار | گەڕانەوەی شکستخواردوو |
|---|---|---|---|
| سلێمانی، سلێمانی | ١٨ | ٢,١٢٦ | ٤٨ |
| دهۆک، زاخۆ | ٠ | ٧٤٤ | ٩٧ |
| دهۆک، سێمێل | ٠ | ٧١٥ | ٧٥ |


## جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون

هاوتەریـب و هاوئاسـت لەگـەڵ گـەڕی پێشـوو، زیاتـر لـە سـێ چارەگـی ئـاواران لـە شـوێنی حەوانـەوە و نیشـتەجێبوونی تایبـەت دا دەژیـن لـە (٧٧٪)، کـە (٨٦٤,٤٦٢) کـەس، ئینجـا لـە لـە ١٤٪یـان لـە کامپەکانـ (١٦١,٦٣٥) هاوڵاتـی، لـە ٩٪یـان لـە شـوێنی حەوانـەوە و نیشـتەجێبوونی زۆر خـراپ دا دەژین کـە (٩٦,٨٠٤) هاوڵاتییـە. لەگـەڕی ١٣١دا، ژمـارەی ئـەو ئاوارانـەی کـە لـە کامپـەکان دا دەژیـن بـە (-١٪) کەمیکـردووە بـە (-١٠,١٨٢) کـەس و پاشـان ئەوانـەی لـە شـوێنی نیشـتەجێیوونی تایبەتـن بـە لـە (-٣٪) کەمیکـردووە (-٤,٦٩٥) کـەس.

## شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ[٤]

لەوانەیـە ئـەو ئاوارانەشـی کـە لـە شـوێنی حەوانـەوە و نیشـتەجێبوونی زۆر خـراپ دا دەژیـن ڕوو بـەڕووی چەنـدان ئاڵنـگاری ببنـەوە، لەوانـەش کەمـی دەسـتگەیشتن بـە کارو کاسـبی و بـە خزمەتگوزارییـە بنەڕەتییـەکان. لەوەتـەی گـەڕی پێشـوووەوە، ژمـارەی ئـەو ئاوارانـەی کـە لـە شـوێنی حەوانـەوە و نیشـتەجێبوونی زۆر خـراپ دا دەژیـن کەمیکـردووە لـە قەزاکانـی وەک ڕومـادی بـە (-٧٠٢) کـەس، ئینجـا سـێمێل بـە (-٥٤٠) کـەس، پاشـان شـەنگال بـە (-٤٠٢) کەس. لـە بەرانبـەردا، ژمـارەی ئەوانەی کـە لـە شـوێنی حەوانـەوە و نیشـتەجێبوونی زۆر خـراپ دا دەژیـن زیادیکـردووە لـە قـەزای مەحمودیـە بـە (+٥٤) کـەس، شـامیە بـە (+١٨) کـەس، قـەزای ناوەنـدی کەرکـووک بـە (+١٨) کـەس. لـە بەرانبـەردا، ژمـارەی ئەوانـەی کـە لـە شـوێنی حەوانـەوە و نیشـتەجێبوونی زۆر خـراپ دا دەژیـن لـە قـەزای توزخورماتـوو زیادیکـردووە بـە (+٣٥٤) کـەس، سـامەڕا (+٢١٦) کـەس، مەحمودیـە بـە (+٩٠) و قـەزای ناوەنـدی موسـڵ بـە (+٣٠) کـەس.


شێوەی ٣: ژمارەی ئەو ئاوارانەی کە لەشوێنی حەوانەوەی زۆرخراپ دا بەپێی ١٠ سەرەکیترین قەزای ئاوارەبوون




## ناوچەکانی زێدی ئاوارەکان

کەمێـک زیاتـر لـە نیـوە (٥٦٪)ی ئـاوارەکان لـە بنەڕەتـدا هـی پارێـزگای نەینـەوا بـوون، بەتایبەتـی هـی قـەزای ناوەنـدی موسـڵ (٢١٪)، ئینجـا هـی قەزاکانـی شـەنگال لـە (١٥٪) بەعـاج لـە (٩٪) تەلەعفـەر (٦٪). لـە ٢٢٪ دیکەشـیان لـە بنەڕەتـدا هـی پارێـزگای ئەنبـار و لـە ١١٪شـیان هـی پارێزگای سـەڵاحەددین بـوون.

شێوەی ٤: ژمارەی ئاوارەکان بەپێی ١٠ سەرەکیترین قەزای زێد




| | موسڵ نەینەوا | شنگال نەینەوا | بەعاج نەینەوا | تەلعفەر نەینەوا | ڕوومادی ئەنبار | موسەیب بابل | فەللوجە ئەنبار | حەویجە کەرکووک | تورخورماتوو سەلاحەددین | خانەقین دیالە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ● لیستی سەرەکی ١٣١ | ٢٣٥,١٣١ | ١٧٢,١٥٧ | ٩٨,٨٩٥ | ٦٩,١٣٤ | ٦١,٢١٢ | ٤٣,٩١٣ | ٤١,٨٢٣ | ٤٠,٥٨٥ | ٣٣,٦٠٤ | ٢٩,٧٥٤ |
| ● لیستی سەرەکی ١٣٠ | ٢٣٦,٦٦٣ | ١٧٧,٦٥٧ | ١٠٠,٨٩٠ | ٧٠,٣٤٤ | ٦١,٩٦٠ | ٤٤,٢٦٧ | ٤٢,٦١٥ | ٤١,١٩١ | ٣٣,٨٥٦ | ٣٠,١٠٠ |


٣. ڕێکخراوی IOM بەپێی ژمارەی خێزانەکانی هەر شوێنێک داتا کۆدەکاتەوە. بۆ کامپەکان، خەمڵاندن دەکات لەڕێگەی دانان و لێکدانی ژمارەی هەر خێزانێک بە ٥ ئەندام (ئەم ژمارەیە – ٥- تێکڕای ژمارەی ئەندامانی خێزانەکانی ئاوارەبووی کامپەکانە).

٤. سەبارەت بە ئاوارەکانیش، لەوانەیە ئەوانەی کە لەشوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دا دەژین ئەوانە بگرێتەوە کە بینا و باڵەخانەی نەشیاو بۆژیان، خانوو، خێمە، کارەڤانە، خانووی کاتی، خانووی خشت و قوڕ و بینا و باڵەخانەی تەواو نەکراو و جێهێڵدراو، بینا و باڵەخانەی گشتی، یان شوێنی بەیەکەوەبوونی بەکۆمەڵی وەک بینا و شوێنە ئاینییەکان و بینای قوتابخانەکان دەگرێتەوە.


ئەم هێڵکاری و گرافانەی خوارەوەهەشت پارێزگای پێشوازیکەر و لەخۆگری گەورەترین ژمارەی ئاوارەکان نیشاندەدەن. لەگەڵ ئەمەش دا، ئەو گۆڕانانە نیشاندەدەن کە لەوەتەی گەڕی پێشووەوە و لە ژمارەی ئاوارەکان دا ڕوویانداوە. هەروەها نیشاندانی ئەو قەزا سەرەکیانەی کە ئاوارەکانیان تێدا نیشتەجێن و پارێزگا سەرەکییەکانی زێد. بۆ بینینی خستنەڕوویەکی گشتی قەزاکانی ئاوارەبوون و گەڕانەوە لە سەرانسەری عێراق دا، تکایە بڕوانە قەزاکان لەسەر نەخشەی ئاوارەبوون.

شێوەی ٥: سەرەکیترین پارێزگا و قەزای ئاوارەبوون لەگەڵ پارێزگا سەرەکییەکانی زێد


## نەینەوا
٢٣٩,١٢٤ ئاوارە ▼ -٢,٣٨٣





## دهۆک
٢٣٥,٢٥١ ئاوارە ▼ -٥,٠٤٩





## هەولێر
٢٢٥,٠١٥ ئاوارە ▼ -٣,٣٤٩





## سلێمانی
١٣٠,٤٦١ ئاوارە ▼ -٢,١٤٦





## کەرکووک
٩٢,٦٤٠ ئاوارە ▼ -٢٤٠





## سەلاحەددین
٤٨,٢٢٨ ئاوارە ▼ -٢,٤٥٤




## دیالە
٤٣,٠٠٤ ئاوارە ▼ -٥٤٠





## ئەنبار
٤٣,٨٨٨ ئاوارە ▼ -١,٠٨٠





▼▲ گۆڕان لەوەتەی گەڕی پێشووەوە


وێنەی ٦: قەزا سەرەکییەکانی زێد بەرانبەر قەزاکانی ئاوارەبوون




نەخشەی ١: قەزاکانی زێدی دانیشتووانی ئێستای ئاواران



نەخشەی ٢: قەزاکانی ئاوارەبوون دانیشتووانی ئێستای ئاواران



# خستنەڕوویەکی گشتی گەڕانەوە

شێوەی ٧: جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی گەڕاوان

| | | |
|---|---|---|
| ٪٩٦ زێدی نیشتەجێبوون ٤,٦٥٠,٦٥٤ | ٪٤ شوێنی حەوانەی زۆر خراپ ١٩٧,٧١٨ | ٪١> شوێنی حەوانەوەی تایبەت ١٤,٦٤٦ |

## تێکڕای هەڵبەز و دابەزینەکان

لەماوەی گەڕی ١٣١ دا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (٤,٨٦٣,٠٧٢) گەڕاوەی دەستنیشانکرد لە (٨١٠,٥١٢) خێزان دا. ئەم زیادبوونەی ژمارەی ئاوارانیش بە (٢,٨٣٥ ) کەس بە بەراورد بە گەڕی پێشوو کە لەماوەی نێوان ئایار تا ئابی ٢٠٢٣ بوو (٠.٤+٪) زیادیکردووە. دەکرێت ئەم خاوی و هێواشیە لە ڕێژەی گەڕانەوە بدرێتە پاڵ نەبوونی دەرفەتەکانی کار و کاسبی و نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون لە ناوچەکانی زێد، هەروەها بدرێتە پاڵ هەبوونی ئەمنیەت و سەلامەتییەکی زیاتر لە ناوچەکانی ئاوارەبوون.[5] ڕێژەی گەڕانەوە لەسەرانسەری وڵات[6] بۆ گەڕی ٦ لە سەدا ٨١ ە.

## جوڵە و جموجۆڵەکانی ئێستای گەڕانەوە

لەسەر ئاستی قەزا، قەزاکانی بێجی (+٥,٧٨٤) شەنگال (+ ٢,٣٥٢) و بەعاج (+٢,١٧٢ کەس)، بەرزترین ئاستی زۆربوونی گەڕاوانیان هەبوو، بە بەراورد بە گەڕی پێشوو. بەرەوپێشچوونی دۆخی ئەمنی لە ناوچەکانی زێد هاندەری گەڕانەوەی هەندێک خێزان بوو. هۆکارەکانی دیکەی گەڕانەوە بریتیبوون لە نەبوونی هۆکار و سەرچاوەی دارایی تا لە ناوچەکانی ئاوارەبوونیان بمێننەوە و زەحمەتی و ئاڵنگاری دیکەی پەیوەست بە ئاوارەبوونی درێژخایەن و جوڵانی هەست و سۆزیان بۆ ناوچەکانی زێدیان بوو. لەبەرانبەردا، هیچ کام لە قەزایەکان کەمبوونەوەی ژمارەی گەڕاوانی بەخۆیەوە نەبینی لەماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتەدا.

### هاتووان لەکامپەوە

ژمارەی ئەو گەڕاوانەی کە لە کامپەکانەوە هاتوون لەماوەی گەڕی ١٣١ دا کەمیکرد بە بەراورد بە گەڕی ١٣٠ (٣,٧٠٢ کەس بەرانبەر بە ٥,٤٦٦ کەس لە گەڕی پێشوو). ئەو قەزایە سەرەکیانەش کە هاتووانیان لە کامپەکانەوە هەبوون بریتیبوون لە قەزاکانی و شەنگال (١,٩٥٦) کەس، حەمدانیە (٦٧٨ کەس) و بەعاج (٤٢٦ کەس)، لە پارێزگای نەینەوا. زۆربەی لە کامپی جەدعە ١وە گەڕانەوە پارێزگای نەینەوا. سەرەڕای ئەمانەش، هەندێک خێزان لە کامپی بەحرکە بۆ قەزای بەعاجی پارێزگای نەینەوا گەڕانەوە بەهۆی جوڵانی هەست و سۆزیان بۆ ناوچەکانی زێدیان و بەهۆی هەبوونی ئاستەنگ و ئاڵنگاری لە دەستکەوتنی کار لە ناوچەی ئاوارەبوون. لەپاڵ ئەمەش دا، هەندێک لە ئاوارەکانی کامپی خازر دوای ئەوەی ڕەزامەندی و ڕێگەپێدانی ئەمنیان وەرگرت، بۆ قەزای حەمدانییە گەڕانەوە.

### شوێنی بێ گەڕانەوە

لەم گەڕە کە ١٣١، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) (٣١٠) شوێنی دەستنیشانکردووە کە هیچ گەڕانەوەیەکیان بەخۆیانەوە نەبینیووە. هۆکارە پاڵنەرەکانی نەبوونی گەڕانەوەش لەو شوێنانەدا بریتین لە نیگەرانی ئەمنی زۆر کە زۆربەی لە هێرشەکانی داعشەوە سەرچاوەی گرتووە، و ڕێگری لە گەڕانەوە کردن لەلایەن لایەنە ئەمنییەکانی وەک حەشدی شەعبی وهێزە ئەمنییەکانی عێراق وپێشمەرگەوە و بەهۆی گرژی وئاڵۆزییە کەمەنەتەوەی ئاینی و خێڵەکییەوە بووە. سەختی و دژواری دۆخی ژیان گوزەران لەو شوێنانەی زێد بوونەتە هۆی ئەوەی کەس بۆیان گەڕێتەوە، لەوانەش ڕووخانی خانوو، نەبوونی خزمەتگوزاری گشتی و قورسی دۆخی دارایی ئەو خێزانانەی کە هی ئەو شوێنانەن. لەنێوان ئەیلول- کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣ دا، خێزانە گەڕاوەکان بۆ دە شوێنی تازەی گەڕانەوە بوون، لەم ژمارەیەش بەرزترینی لە قەزای لە پارێزگای نەینەوا بوو، و شوێنێکش لە قەزای حەویجەی پارێزگای کەرکووک و شوێنێکش لە قەزای مەخموری پارێزگای هەولێر بوو. بەر لەو جوڵە و گەڕانەوانەش، ئەم شوێنانەی ئەم قەزایانە پێشووتر هیچ گەڕانەوەیەکیان بەخۆیانەوە نەبینیبوو.

### گەڕانەوە شکستخواردووەکان

کەمبوونێکی بەرچاو لە گەڕانەوە شکستخواردووەکان هەبوو لەنێوان ئەم گەڕە، ١٣١، لەگەڵ گەڕی پێشوو، ١٣٠، (٤٠٦ کەس لەم گەڕە بەرانبەر بە ١,١٠٣ کەس لەگەڕی پێشوو). زیاتر لەنیوەی گەڕانەوە شکستخواردووەکانیش لە قەزای شەنگال لە پارێزگای نەینەوا بوون بە لە (٥٨٪)، ئینجا لە قەزای فەللوجە بە لە (٢٥٪) لە پارێزگای ئەنبار. هۆکار و پاڵنەرە سەرەکییەکانی گەڕانەوە شکستخواردووەکان بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، کەمی دەرفەتی کار و کاسبی و ڕووخاوی خانووەکان بوو لە ناوچەکانی زێد دا.


## جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە

زۆربەی گەڕاوەکان (٩٦٪)یان لەناوچەکانی خۆیان نیشتەجێن، لەوکاتەی ئەوانی دیکە لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دان. بە بەراورد بە گەڕی پێشو، ئەو گەڕاوانەی کە لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دا دەژین تۆزێک کەمیکردووە (+٢٪).

### شوێنی حەوانەی زۆر خراپ[7]

لە سەرانسەری پارێزگاکان دا، پارێزگای سەلاحەددین زۆرترین ڕاددەی زیادبوونی ئەو گەڕانەوانەی بەخۆیەوە بینی کە لەشوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دان لەوەتەی گەڕی پێشووەوە کە (+٣,٢٢٢) کەس، زۆرترینیان لە قەزاکانی بێجی و فارس و توزخورماتوو بوون. پارێزگای نەینەواش دووەم بەرزترین ڕاددەی ئەو گەڕاوانەی بەخۆیەوە بینی کە لە شوێنی حەوانەی زۆر خراپ دان بە (+١,٣١٤)، لەو ژمارەیەش زۆربەیان هی قەزاکانی حەمدانەییە و بەعاج بوون. لە بەرانبەردا، کەمبوونی ژمارەی ئەو گەڕاوانەی کە لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دا دەژین لە قەزاکانی هیت (٢١٦- کەس فەللوجە (٦٠-) لە پارێزگای ئەنبار بوون، هەروەها لە قەزای تەلەعفەریش بە (١٣٨-) کەس بوو لە پارێزگای نەینەوا و، لە قەزای حەویجەی پارێزگای کەرکووکیش (١١٤-) کەس بوو.

شێوەی ٨: ڕێژەی گەڕانەوە بەپێی دە سەرەکیترین قەزای زێد





٥. ڕێکخراوی IOM لە عێراق- داتای سێتی ٧-ی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (بەغدا، تەمموزی ٢٠٢٢).


٦. ڕێژەی گەڕانەوە بریتییە لە دابەشکردنی ژمارەی گەڕاوان بەسەر پارێزگا بەپێی کۆی گشتی ژمارەی گەڕاوان و ئەوانەی کە لە بنەڕەت دا لەو پارێزگایە ئاوارەبوون.


٧. بۆ شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپی گەڕاوان، لەوانەیە بینا و باڵەخانەی نەشیاو بۆژیان، خانوو، خێمە، کارەڤانە، خانووی کاتی، خانووی خست و قوڕ و بینا و باڵەخانەی تەواو نەکراو و جێهێڵدراو، بینا و باڵەخانەی گشتی، یان شوێنی بەیەکەوەبوونی بەکۆمەڵی وەک بینا و شوێنە ئاینییەکان و بینای قوتابخانەکان دەگرێتەوە.


ئەم گراف و هێلکاریەی خوارەوە ئەمانە نیشان دەدات: ١. ژمارەی گەڕاوان لە هەموو پارێزگاکان دا، ٢. ئەو قەزا سەرەکیانەی کە گەڕاوەکان تیایاندا نیشتەجێن،٣. ڕێژەی گەڕانەوە بەپێ هەر پارێزگایەک، ٤. ئەو پارێزگایانەی کە کۆتا جار گەڕاوان لێیەوە ئاوارەبوون. بۆ خستنەڕوویێکی گشتی قەزاکانی گەڕانەوە لەسەرانسەری عێراق دا، تکایە بڕوانە قەزاکانی گەڕاوان لە نەخشەی گەڕانەوە.


شێوەی ٩: سەرەکیترین پارێزگاکانی گەڕانەوە، قەزاکانی گەڕانەوەیان و دواهەمین پارێزگای ئاوارەبوون




















نەخشەی ٣: قەزاکانی گەڕانەوە



نەخشەی ٤: ناوچەی بێ گەڕانەوە



# ڕێبازی ڕاپۆرت

تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) زانیاری لەسەر ئاواران و گەڕاوانی عێراق کۆدەکاتەوە. تیمەکانی وەڵامدانەوەی خێرا و هەڵسەنگاندن (RARTs)ی ڕێکخراوی (IOM) داتا کۆدەکەنەوە کە خۆی لە زیاتر لە ٧٣ کارمەند دەبینێتەوە لەسەرانسەری عێراق دا بڵاوبوونەتەوە (لە٢٠٪ی کارمەندە داتا کۆکەرەوەکان ئافرەتن). کۆکردنەوەی داتا بۆ گەڕی ١٣١ لیستی سەرەکی لەماوەی نێوان ئەیلول-کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣ دا بوو لە سەرنسەری ١٨ پارێزگادا.

داتای لیستی سەرەکی ئاواران و لیستی سەرەکی گەڕاوان کۆدەکاتەوە بە بەکارهێنانی تۆڕێکی فراوان و تەواو دامەزراوی زیاتر لە ٢٠٠٠ زانیاری پێدەر کە ئەوانیش سەرکردەکانی کۆمەڵگە، موختار، دەسەڵاتدارە خۆجێییەکان و هێزە ئەمنییەکان دەگرێتەوە. هەروەها زانیاری دیکە لە داتای تۆمارکراوی حکومەت و ئاژانسە هاوبەشەکان وەردەگرێت و کۆیان دەکاتەوە.

تیمەکانی وەڵامدانەوەی خێرا و هەڵسەنگاندن (RARTs)ی ڕێکخراوی (IOM) بە بەردەوامی داتای لیستی سەرەکی کۆدەکەنەوە و ڕاپۆرتی چوار مانگ جارێکی لەسەر ئامادەدەکرێت. هەرچەندە کەمی دەستگەیشتن بە کێشە و گرفتە ئەمنییەکان و هەبوونی بەربەست و سنووری دیکە کاردەکاتە سەر کار و چالاکییەکانی کۆکردنەوەی داتا. گۆڕانی فیگەر و شێوەکانی ئاوارەبوون بەدیدەکرێت لەنێوان ماوە جیاوازەکانی ئامادەکردنی ڕاپۆرت، لەگەڵ هەبوونی گۆڕانکاری لە فیگەرەکانی دانیشتووان کە لەوانەیە بەهۆی فاکتەری دیکەوە بێت، لەوانەش بە بەردەوامی دەستنیشانکردنی گروپ و چین و توێژی دیکەی ئاوارەبووو، گرتنەخۆی داتای ئاوارەبوونی دووەمی و لاوەکی لەنێو عێراق دا.

هاوڵاتیانی ئاوارەبوو داتایان لە ڕێگەی پرۆسەی کۆکردنەوە، پشتڕاستکردنەوە، ڕووپێوکردن و پێوانەکردن و ڕەوایەتی بوون کۆدەکرێتەوە و دەستنیشاندەکرێن. ڕێکخراوی (IOM) بە بەردەوامی لە نزیکەوە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتدارە خۆجێییەکان دەکات تا بەردەوام لەیەک تێگەیشتنێکی دروست و هاوبەشییان سەبارەت بە ئاوارەبوون لە تەواوی عێراق دا هەبێت.

## حسابکردن و ژماردن بۆ دیاریکردنی ژمارەی کەسەکان بە کارهاتووە:

ژمارەی کەسەکان لە ڕێگەی لێکدان و جارانکردنی ژمارەی هەر خێزانێک بە ٦ کەس دیاریکراوە و هەژمارکراوە، کە ئەمەش ژمارەی تێکڕای هەر خێزانێکی عێراقیە بە پێی ئاماری حکومەت، ئەم حسابکردن و ژماردنەش بۆ هەموو ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکانی دەرەوەی کامپەکان بووە. لەوەتەی ماوەی مانگەکانی تەمموز و ئابی ٢٠٢٠ەوە (جەولەی ١١٧)، ژمارەی ئەو کەسانەی ناو کامپ لەڕێگەی لێکدانی لە ژمارە ٥ بۆ هەر خێزانێک حسابکراوە[٨]، کە ئەم داتایە هاوتایە بە تێکڕای قەبارە خێزان بە پێی دەستەی هەماهەنگی و کارگێڕی کامپ. بۆ دروستترین و نوێترین زانیاری ئاوارەکانی دەرەوەی کامپ، تکایە بڕوانە وێبسایتی دەستەی هەماهەنگی و کارگێڕی کامپ لەوەتەی ساڵی ٢٠١٨ەوە.

## گۆڕانکارییەکان لە حاڵەتەکانی ئاواران و گەڕاوان دا

ڕەنگە گۆڕانی ڕێژە و ژمارەی گەڕاوان و ئاواران هەمیشە هاوئاست و وەک یەک نین. ئەمەش بۆ چەندان هۆ و فاکتەر دەگەڕێتەوە. یەکەم، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) بەردەوامە لە تۆمارکردنی خێزانانەی کە بۆ یەکەمین جارە ئاوارە دەبن، ئەو خێزانانەی کە شوێنی دیکەی ئاوارەبوونەوە دێن (ئاوارەبوونی دووەمی) و ئەو خێزانانەی کە بەهۆی شکستهێنانیان لە گەڕانەوەیان ئاوارەبوون (گەڕانەوەی شکستخواردوو). هەروەها لەبەرئەوەی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) ئاواران و گەڕاوان لەسەر ئاستی ژمارە خێزان هەژماردەکات، هاوسەرگیری و گۆڕانەکانی دیکەی ناو خێزان کاردەکاتە سەر قەبارە و ژمارەی حاڵەتەکان. سەرەڕای ئەمانەش، لەوانەیە هەندێک لە خێزانەکان لە هەردوو حاڵەت دا هەژمار بکرێن ئەگەر أ- بەشێک لە خێزانەکە هەر لە ئاوارەیی مابنەوە و بەشێکیشی گەڕابنەوە، ب-لەوانەیە خێزانەکە لەنێوان ناوچەی ئاوارەبوون و ناوچەی گەڕانەوە هاتووچۆ بکەن. لە کۆتاییشدا، ئەو ئاوارانەی کە لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دا دەژین و دەستگەیشتن پێیان ئاسان نییە، لەبەر هۆکاری ئەمنی، لەوانەیە هەژمار نەکرێن، بەڵام کاتێک دەگەڕێنەوە، ئەوا لەوانەیە لەگەڵ حاڵەتەکاین دیکەی گەڕانەوە هەژمار بکرێن.

## جیاوازییەکانی نێوان ماوەی ڕاپۆرتەکان

لیستی سەرەکی بەشێوەی چوار مانگ جارێک، ساڵی سێ جار، ئامادەدەکرێت، لەوکاتەی کە ڕاپۆرتەکانی پێشووی لیستی سەرەکی بەشێوەی سێ مانگ جارێک ئامادەدەکران. هەروەها لەوەتەی کانوونی دووەمی ٢٠٢١ەوە، سێ ڕاپۆرتی لیستە سەرەکییەکانی (١٢٠، ١٢١ و ١٢٣) ماوەی ئامادەکردنیان دوو مانگ دوومانگ بوو. گۆڕانی ماوە و کاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکان لەوانەیە کاربکاتە سەریان لە بەراوردکردنی ڕاپۆرتی گەڕەکان بە یەکترییەوە.

## گۆڕانکارییەکانی زاراوەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون

لە گەڕی (١٢٢) دا تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون هەندێک گۆڕانکاری لە لە زاراوەکانی جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون دا کرد بۆ ڕێکخستن و گونجانە لەگەڵ و تێبینی تەکنیکی دەستەی هەماهەنگی و کارگێڕی کامپ لە عێراق دا لەسەر پێناسەی شوێنە نافەرمییەکان لە عێراق دا (ئەیلولی ٢٠٢٠)، تکایە بڕوانە پێناسەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون لە فەرهەنگۆکەی خوارەوە دا.

٨. بەر لەگەڕی ١١٧، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) ژمارەی ئەو کەسانەی ناو کامپ لەڕێگەی لێکدانی لە ژمارە ٦ بۆ هەر خێزانێک حساب دەکرد.

| فەرهەنگۆک | |
|---|---|
| شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ | بۆ شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپی گەڕاوان، ئەم جۆرە شوێنی حەوانەوە نیشتەجێبوونانە دەگرێتەوە لە ناوچەی زێد بینا و باڵەخانەی نەشیاو بۆژیان، خانوو، خێمە، کارەڤانە، خانووی کاتی، خانووی خشت و قوڕ و بینا و باڵەخانەی تەواو نەکراو و جێهێڵدراو، بینا و باڵەخانەی گشتی، یان شوێنی بەیەکەوەبوونی بەکۆمەڵی وەک بینا و شوێنە ئایینییەکان و بینای قوتابخانەکان دەگرێتەوە.<br><br>بۆ ئاوارانیش هەمان ئەو شوێنانەی کە لەپەڕاگرافی پێشوو بۆ گەڕاوان باسکران جگە لە ناوچەی زێد، هەروەها ئەو شوققە و خانووانەی کە هی خۆیان نین یان بۆ ژیان شیاو نین و چۆڵن. |
| گەڕانەوەی شکستخواردوو | ئەو هاوڵاتیانەی کە لە ناوچەکانی زێدیانەوە دێن دوای ئەوەی کە لە گەڕانەوەیان شکستیان هێنا. |
| ئاوارە/ئاوارەی ناوخۆیی | بۆ هەڵسەنگاندنەکانی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)، هەموو ئەو هاوڵاتییە عێراقیانەی کە ناچار بە هەڵاتن کراون لە ١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤ بەدواوە و تا ئێستاش هەر لە ئاوارەیی دان هەر لەناو سنووری عێراق دا لە کاتی ئەنجامدانی ئەم هەڵسەنگاندنە. |
| شوێن | ناوچەیەک کە هاوتای گوندێک یان ناوچەیەکی لادێییە یان هاوتای گەڕەکێکە لە ناوچەی شاریی (بەمانایەکی دیکە، چوارەمین دابەشبوونی ئیداری). |
| شوێنی بێ گەڕانەوە | شوێنێک کە ئاوارەبوونی بەخۆیەوە بینیووە و هاوڵاتیان لێیەوە ئاوارەبوون لە شەڕو وململانێی نێوان ٢٠١٤-٢٠١٧ لەگەڵ داعش دا بەڵام تا ئێستا هیچ گەڕانەوەیەکی لێ تۆمار نەکراوە یان هەموو گەڕاوەکان دووبارە ئاوارەبوونەتەوە دوابەدوای گەڕانەوەیان. |
| شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی تایبەت | بۆ ئاواران و گەڕاوان، ئەمانە دەگرێتەوە: هۆتێل، مۆتێل، خانوو و خێزانی خانەخوێ یان شوققە و خانوو کە هی خۆیان نییە. بۆ ئاوارانیش، موڵکی خۆیان دەگرێتەوە. |
| ئاوارەبوونی درێژخایەن | ئاوارەبوونێک کە زیاتر لە سێ ساڵی خایاندووە. لەبەرئەوەی داتای ئاوارەبوون لەسەر شێوەی (شەپۆڵەکان)ی ئاوارەبوون لە ماوەی چەندان مانگ کۆدەکرێتەوە. ئاوارەبوونێک کە پێش کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ ڕوویداووە بە درێژخایەن دادەنرێت.[٩] |
| ڕێژەی گەڕانەوە | بەکاردێت بۆ خەمڵاندنی ڕێژەی گەڕانەوەی دانیشتوان بۆ قەزای زێد و بە ڕێژەی گەڕاوان هەژماردەکرێت لە هەر قەزایەک دا لەبەرانبەر کۆی گشتی ژمارەی گەڕاوان و ئاوارەبووان لەو قەزایەدا. |
| زێدی نیشتەجێبوون | تەنیا بۆ گەڕاوان، ئاماژە بە شوێنی نیشتەجێبوونی بەر لە ئاوارەبوونیان دەکات. |
| گەڕاوان | بۆ هەڵسەنگاندنەکانی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) هەموو ئەوانەی کە لە کانوونی دووەمی ٢٠١٤وە ئاوارەبوون و گەڕاونەتەوە شوێنی زێدیان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بۆ ناوچەی زێدی پێشوویان گەڕاونەتەوە یان جۆری شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونیان گۆڕیووە. پێناسەی گەڕاوان پەیوەندی بە پێوەری گەڕانەوە بە شێوەیەکی سەلامەت، شکۆمەند و تەنانەت بە ستراتیژیەتی دیاریکراوی دڵنیابوونەوەی لە گەیشتن بە چارەسەرە هەمیشەییەکانەوە نییە. |
| ئاوارەبوونی دووەمی | ئەو هاوڵاتیانە دەگرێتە کە زیاتر لە جارێک ئاوارەبوون و لە شوێنێکی دیکەی ئاوارەبوونەوە ئاوارەبوون. |

٩. لەوەتەی دەستپێکی قەیرانەکانەوە، تۆماری بەدواداچوونی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ داتا لەسەر شەپۆڵەکانی ئاوارەبوون و جموجۆڵەکانیان کۆدەکاتەوە وەک وەڵامدانەوە و بەدەمەوە هاتن بۆ ڕووداوە گرنگەکان. شەپۆڵی ٩ی ئاوارەبوون لەماوەی نێوان کانوونی دووەم و بۆ کانوونی یەکەمی ٢٠١٩ بوو، بۆیە هەموو ئاوارەکانی ماوەی نێوان کانوونی دووەمی ٢٠١٤ تا کانوونی یەکەمی ٢٠١٩ لەم ڕاپۆرتەدا بە ئاوارەبوونی درێژخایەن دادەنرێن. هەرچەندە ژمارە ڕاستەقینەکە زیاتر و زۆرترە، لەبەرئەوەی هەندێک لەو ئاوارانەی کە لەکاتی شەپۆڵی ١٠ ئاوارەبوون کە لەماوەی نێوان کانوونی دووەم بۆ کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ بوو، ئەوانیش هەر بە ئاوارەبوونی درێژخایەن دادەنرێن.

## ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لە عێراق

iraq.iom.int

iomiraq@iom.int

کۆمەڵگەی یۆنامی (دیوان٢)،

ناوچەی نێودەوڵەتی

@IOMIraq


### ئەستۆپاکی

مەرج نییە ئەو دیدو بۆچوونانەی کە لەم ڕاپۆرتە دا خراونەتەڕوو ڕەنگدانەی دیدو بۆچوونەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) بن. دابەشکردنی شوێنەکان و خستنەڕووی کەرەستەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە، هەر چیەک بن، مانای گەیاندن و دەربڕینی هیچ بیروبۆچوونێک ڕێکخراوی (IOM) نایەن سەبارەت بە باری یاسایی هەر وڵاتێک، هەرێمێک، شارێک یان ناوچەیەک، یان سەبارەت دەسەڵاتداران، یان دەربارەی سنوور و مەوداکانەوە.

بۆ زانیاری زیاتر، سەردانی iraqdtm.iom.int بکە یان پەیوەندی بە تیمەکە بکە لەڕێگەی ئیمێڵی iraqdtm@iom.int


ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) سوپاسی نووسینگەی دانیشتوان، پەنابەران و کۆچ (PRM) ی وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات بۆ پاڵپشتییە بەردەوامەکانی. هەروەها ڕێکخراوی (IOM) سوپاسی خۆی ئاراستەی ئەندامانی تیمەکانی وەڵامدانەوەی خێرا و هەڵسەنگاندنی (RARTs) ی ڕێکخراوی (IOM) لە عێراق دا دەکات بۆ ئەو کارەی دەیکەن لە کۆکردنەوەی داتا، کە زۆرجار لە هەلومەرجی زۆر دژواردا ئەو کارە دەکەن، هەوڵ وکۆششە ماندوونەناسەکانیان بنچینەی ئەم ڕاپۆرتەیە.



ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) ٢٠٢٤


پێویستە بەم شێوەی خوارەوە سایتەیشن و سەرچاوە نووسین ئەنجامبدرێت کاتێک داتا و زانیارییەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە و ئەم کارە کارە بەکاردەهنرێت:
”ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ-IOM، ئاداری ٢٠٢٤. ڕاپۆرتی ١٣١ی لیستی سەرەکی عێراق، ڕێکخراوی IOM، عێراق“،

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر مەرج و داخوازییەکانی کار و بەرهەم ڕاپۆرتە زانیارییەکانی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون، تکایە ئاماژە بەم لینکە بکە.


نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن بێت،  بەبێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.